# ئەی خودا بۆ بێدەنگیت هەڵبژارد؟

**حەمە کاکەڕەش/ سوید**

**کریست دەڵێت:**
**خودا لەبیابانە بیابان ماڵی خودایە**
**خودایە مەهێڵە لەماڵەکەتا کەس بکوژن..**
**مەهێڵە ماڵەکەت خوێناوی کەن..**

ماڵەکەت پڕکەن لەقیژەی ژنو زریکەی منداڵی کورد. ماڵەکەت پڕکەن لەئاهی پڕ حەسرەتی کچانو فرمێسکی ئاگرینی ریش سپیەکانی کورد.

ئەسەف خودایە ئەسەف بۆ هێشتت ئەو هەموو کوردە بخرێنە ژێر خۆڵەوە، بۆ هێشتت بەهاری کورد بەتەڕی هەڵوەرێت ئەسەف خودایە ئەسەف بێدەنگ بوویت، بێدەنگیت نیشانەی گومانە لەبوونت. دوا وەسوەسەی کریست یەکێکە لەرۆمانەکانی کازانتزاکی، لەم رۆمانەدا کریست لەگفتوگۆیەکدا دەبێژێ (خودا لەبیابانە) ئەم دێرە زۆر لێکدانەوەو رامان هەڵدەگرێت لەو بڕوایەدام لەلای هەرکەسەو شتێك بەجێدێڵیو رامانێك دروست دەكاتو بیرکردنەوەی رادەوەشێنێت، من کە ئەم رۆمانەم خوێندەوە لەزۆر پەڕەگرافدا رایگرتمو پرسیار ئاژنی دەکردمو تووشی بیرکردنەوەی قوڵی کردم، بەڵام ئەوەی زیاترو بەکڵپەوە هاتە ناخمەوە ئەو دێڕەی سەرەوە بوو کە کریست دەبێژێت (خودا لەبیابانە) لەگەڵ گەیشتمە ئەم دێڕە هەموو دونیام بیر چوو، تەنها ئەنفالەکانم هاتەوە یادو حەشری مەرگی ئەوان دنیای لێتەنیم، کەوتمە نێوان دوو بیرکردنەوەی جیاوازەوە، یەکەمیان ئەوە بوو کەوابێت ئەنفالەکان لەبیابانو بیابانیش خواوەندی لێیەو ماڵی خواوەندەو خواوەندیش رێگە بە هیچ کەسێك نادات لە ماڵەکەیدا بەکۆمەڵ ژنو منداڵو پیرەمێردو کیژۆلەی وەك پەری بکوژرێو هەر بەکۆمەڵ بکرێن بەژێر خۆڵەوەو کەس ئاسەواریان بەدینەکات. گەر وابێت وەك کریست دەڵێت: خودا لەبیابانە. ئەی چۆن خواوەند شێت نەبوو کە گوڵەکانی گەرمیانو کوێستان گەیشتنە بیان بەرلەوەی لێیان تەڕکەن، بەرلەوەی پشوویەك بەن بۆ ئەوەی هیلاکی رێگەی دووریان بیرچێتەوەو کەمێك بەبیابانی ماڵی خواوەندا بڕوانو حەسرەتو خەیاڵەکانی نیشتمانو ئێوارانی گوند بۆ خواوەند بگێڕنەوەو پێی بڵێن: شپرزەین وەك رەشەبای نیوەشەو بێلانەین وەك باڵندەیەکی تەرەو باڵشکاو ئەی خواوەند ئێمە بێکەسەکانی دونیاین لەکێلی مردویەکی غەریب بێکەسترین ئێمە ماڵ وێرانەکانی دونیاین ئەی خواوەند دەستمان بگرە با لەم بیابانەدا ون نەبین ئەی خواوەند بە عەرەبەکانت بڵێ: بۆ وا لەم کوردەی خۆت دەکەن ئەم کوردەی تۆ هێندە سادەو ساکارە هەر دەیەوێت بۆنی ژیانی لێنەبڕێت، هیچی تری ناوێت هەر دەیەوێت بهێڵن بەئارامی دەستنوێژ بگریو نوێژەکانی تەواوکات. ئەی خواوەند ئەو هەموو کوردەیان هێنا بۆ بیابان، بۆ لای تۆ بۆ هیچیان نەگەڕانەوە، بۆ هیچیان دیارنەمان ئەی خواوەند خۆ ناتوانی بڵێیت نەیانم بینیوە یان بڵێیت نەهاتوون بۆ بیابان خۆ ناشتوانی بڵێیت دەرەقەتی وەحشییەتی عەرەب نەهاتم، ئەی بۆ بێدەنگیت هەڵبژارد کە بەناوی ئایەتی ئەنفالەوە جاڕی مەرگی کوردیان دا خۆ کورد هیچ دوژمنایەتییەکی لەگەڵ باڵندەکانی تۆدا نەبوو. کورد لەهەموو گوندێکا ماڵێکیان بۆ تۆ چێکردبوو ئەی خواوەند بۆ بێدەنگیو بۆ بێدەنگ بوویت دەزانی عەرەب بەناوی تۆوە کوردیان وەك مەسیح لەخاچ دا، گوندەکانی کوردیان داغانکرد، چاوی کانی عاشقانیان بەقوڕی تاریکی سواخ دا، دڵی ڕەزو دارستانیان بەدووکەڵی ژەهر خنکاند، ئەستێرەی خەونی کوردیان کوشت، کازیوەی کوردیان سەربڕی، ئاوێنەی ژیانیان شکاند، ئەی خواوەند ئەو رۆژگارە میهرەبانی تۆ بەردی کام کوچەی بێدەنگی بوو، ئەی خواوەند خۆت دەفەرموویت: بارانی میهرو سۆزت هەموو دونیا دەگرێتەوە، ئەسەف ئەو



رۆژگارە دەستی میهرەبانیت هێندە کورت بوو فریای ئەوە نەکەوتی رۆحی مناڵێك لەچنگە گەرمەکانی مەرگی بیابان دەربازبکەیت. ئەسەف ئەی خواوەند ئەسەف، بۆ کورد هیچت نەکرد تۆ سەیرکە کورد چی بۆتۆ نەکرد لەهەموو گوندێکا ماڵێکی بۆ ئاوەدان کردیتەوە، دارو دیواری بەناوەکانی تۆ نەخشاند، هەزاران شەڕی لەسەر حەرامو حەڵاڵەکانی تۆ کرد، هەزاران خوێنی بۆ تۆ ڕشت، ئەسەف ئەی خواوەند من نازانم تۆ مەیلت نەبوو فوو لەبرینی مناڵێکی سووتاوی هەڵەبجە بکەیت، یان بۆ ئەوەی دڵی عەرەبت لێنەڕەنجی، یان خۆت لەشەڕە وەحشەتناکەکانی عەرەب دزییەوە، ئەی خواوەند تۆ خوای عالەم دەرنەچوویت، تووڕەمە دەڵێم تۆ لەپێشی پێشەوە خوای عەرەبی، بۆیە عەرەب سڵت لێناکەنەوە، لەژێر سێبەری تۆدا، بەناوی ئایەتی تۆ و جاڕی مەرگی نەتەوەیەك دەدەنو بەکۆمەڵ کوردەکانی تۆ دەکوژنو دەیانکەن بەژێر خۆڵەوە و دەستووری تۆ بۆ مردنو گۆڕستانو ژیان پێشێل دەکەنو هەرچی بێشەرەفیو بێئینسافیو بێڕەوشتی هەیە کردیان تۆ هیچ دەنگت نەبوو سەیرە بوونت شەلاڵی گومانە بێدەنگیت نیشانەی نەبوونە. ئەی خودا پێم بڵێ کورد چیکردبوو وا لەم دونیایەدا کە بەقەولی تۆ دونیا ژیانێکی هیچە ئێ بۆ دەبێت لەدونیاو ژیانێکی وادا ئاوا لەکورد بکرێت، ئەی خودا ئێمە ئامادەی حەشرو نەشری تۆ نابین، ئیدی تەواو لەم دونیادا حەشری مەرگی کورد کرا، لەم دونیادا کورد فڕێدرایە دۆزەخەوە ئەی خودا ئیدی تۆ چۆن لەگەڵ کورددا باسی مردنو بەهەشتو دۆزەخ دەکەیت، ئێمە بەکۆمەڵ کوژراین، بەکۆمەڵ لەبیابان دا فڕێیان داینە دۆزەخەوە، بەبێ ئەوەی پرسیاری ئەوەمان لێبکەن گوناهبارین یان بێگوناهین ئەی خودا کورد هیلاکە، باسی رۆژی حەشرو ئازاری گۆڕو دۆزەخی لەگەڵدا مەکە، چونکە لەسەر دەستی عەرەبەکانت حەشری مەرگو ئازاری کوشتنو دۆزەخی بینیووە. کورد هیلاکە هیلاك گەر دەتوانی یەکێك لەکۆشکەکانی بەهەشتی بەحۆریو شەرابو هەنگوینەوە پێببەخشە، تا کەمێك ئارام بێتەوەو خوێنی برینەکانی نەڕژێنە بیابانەوە. ئەی خواوەند ئەگەر کورد لەبەهەشتیشا بێئارام بوو هەراسان مەبە، ئەی خودا کورد هەموو ژیانی کوشتنو سەرگەردانیو ترسو هەڵوەڕین بوو. ئەی خودا بڕواناکەم بەهەشتەکەی تۆ بتوانێت برینەکانی کورد راژێنێ، بڕواناکەم لە بەهەشتەکەی تۆدا ئازارەکانی کورد ژێر بێتەوە. ئەی خودا تۆ چیدەکەی؟، چۆن برینەکانی منداڵێکی ئەنفالکراو رادەژێنی، چۆن ئازارەکانی ژنێکی هەڵەبجە ژێردەکەیتەوە، چۆن دەستی پیرە مێردێکی کوێری هەڵەبجە دەگری، خۆ تۆ شەرم لە ریش سپی دەکەی، ئەی خودا ئەو هەموو ئێسقانەی بیابان چۆن جیا بکەینەوە، چۆن ئازیزەکانمان بناسینەوە، پێم بڵێ چۆن خۆت بەخوای عالەم دەزانی، چۆن قەرزەکانی کورد دەدەیتەوە، کەی بە عەربەکانت دەڵێیت واز لەکوردەکان بێنن، کەی. ئەی خودا کریست وتی: خودا لەبیابانەو تۆ لەبیابان نەبوویت!، ئەنفالەکانت نەبینی!، بۆ وەڵام نادەیتەوە!.

## بەیاننامەی کەمپینی گەنجانی پاشماوەی ئەنفال بۆ دادگاییکردنی سەرۆك جاشو ئەوانەی دەستیان لە پرۆسەی (ئەنفال) دا هەبووە

**جەماوەری بەشەرەفی گەرمیان...**

**خەڵکی بەئەمەکی شاری کفری..**

وەك هەموومان دەزانین ئەنفال گەورەترین تاوان بوو کە دەرهەق بەگەلی کوردو سەرجەم مرۆڤایەتی ئەنجامدرا. تاوانێکی بێ نموونەبوو لەمێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، ئەوانەی دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەبووە، ئێستا زۆربەیان لەبەندیخانەکاندا کەوتوونو چاوەڕوانی رۆژی رەشی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، دەستخۆشی دەسەڵاتی کوردییە لەسەرۆك جاشو کوردە ئەنفالچییەکان. کە پارەو پاسەوانیان بۆ دابین دەکەنو جێگەی دامودەزگاکانی حکومەتیان گرتۆتەوە بۆ تەعینکردنی خەڵکی لەو جۆرانە.

خوا بەگەورەیی خۆی سزای ئەو کەسانە دەدات، کە تاوانێك بکەنو لەو دونیا لێیاندەپرسێتەوە، کەچی دەسەڵاتی حوکمڕانی کوردستان پاداشتی ئەنفالچیو خۆفرۆشان دەکات. ئەگەر کاتی خۆی پاساو هەبووە بۆ دەرکردنی لێبوردن لەلایەن (بەرەی کوردستانی)یەوە. بەرامبەر ئەو کەسانەی کە دەستیان سوورە لەخوێنی ئەنفالەکان. ئەوکاتە حکومەتو پەرلەمان نەبوو، بەڵام ئێستا پەرلەمان هەیە، هەقوایە چارەنووسی جاشە ئەنفالچییەکان، ئەوانەی کە دەستیان لەخوێنی خەڵکیدا هەبووە. دووبارە بخرێنەوە بەردەستی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی ئەوانیش دادگایی بکرێن لەگەڵ سەدام حوسێنو عەلی کیمیاویدا. یان هەر هیچ نەبێت هەموو ئیمتیازێکیان لێبسەندرێتەوەو ئەگەر لەخواری خەڵکیەوە نەبن با لەسەرەوەی خەڵکیشەوە نەبن.

هەندێ لەوانەی لەکێشەی (دجێل) درانە دادگە، نیو ئەوەندەی هەندێ لەسەرۆك جاشە ئەنفالچییەکانی کوردستان تاوانیان نەکردووە، بۆیە لێرەوە داواکارین دووبارە کێشەی جاشە ئەنفالچییەکان جارێکی دیکە بخرێتەوە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی بڕیار دەربچێت بەدادگاییکردنیان یان هەر هیچ نەبێت لەسەرەوەی خەڵکیەوە نەبن. شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتی کوردی، کە ئەو خەڵکە بەسەر کەسوکارو واریسی ئەنفالکراوەکانەوە پۆز لێبدەنو وەك ئەوەی مێشیش میوانیان نەبێ.

پێویستە نەوەی نوێ هۆشیار بکرێنەوە بەوەی کە لەسەردەمێکدا خەڵکانێك هەبوونە خۆفرۆشو دژ بەگەلەکەی خۆیان وەستاونەتەوەو ئەمڕۆش شەرمەزار دەکرێن، چونکە ئەم گەلە هێشتا زۆری ماوەو زۆری لەبەردەمدایە تا بگاتە ئامانجەکانیو دووبارە بەشێوازی تر ئەنفال نەکرێنەوە.

**کەمپینی گەنجانی پاشماوەی ئەنفال/ گەیمیان**

**٢٠-٨-٢٠٠٦**

## ناوی ئەو کوردانەی کە بەشدارییان لە ئەنفالکردندا کردووە

١- فەتاح بەگی جاف: موستەشار، ٢٢٨٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٢- شێخ موحتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی: موستەشار، ١٣٨ کەسی ئەنفالکردووە.
٣- سەید رەزا سەید تەها: موستەشار، ١٧٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٤- کیسرا حەمە سەعید بەگ: موستەشار، ١٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٥- سەعید غەریب (جاف): موستەشار، ٣٩٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٦- سەعید محەمەد باریکە: موستەشار، ٨١ کەسی ئەنفالکردووە.
٧- حەمەی شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی: موستەشار، ١٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٨- قاسم رەشید دەرمی: موستەشار، ٦٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٩- ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە: موستەشار، ٢٧ کەسی ئەنفالکردووە.
١٠- زۆراب: جاشی حەمەی شێخ، جاش، ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
١١- تەحسین شاوەیس: موستەشار، ٤٢٨ کەسی ئەنفالکردووە.
١٢- رەفعەت کلی: موستەشار، ٩٥ کەسی ئەنفالکردووە.
١٣- بایز عەزیز رەشید ئاغا: موستەشار، ٩٥ کەسی ئەنفالکردووە.
١٤- تۆفیق جەبار قارەمان: موستەشار، ٢٥کەسی ئەنفالکردووە
١٥- شامل دەروێش: مەفرەزەی تایبەتی، ١٢٨ کەسی ئەنفالکردووە.
١٦- تاهیر عوسمان رۆستەم: ئامر سریە، ٦٦ کەسی ئەنفالکردووە.
١٧- عەبدوڵڵا کاك ئەمین: مەفرەزەی تایبەتی، ١٢٢کەسی ئەنفالکردووە.
١٨- شێخ حوسێن شێخ سەعید: موستەشار، ٢٤ کەسی ئەنفالکردووە.
١٩ شێخ هادی سولبە: موستەشار، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٠- جەبار شێخ هادی: مەفرەزەی تایبەت، ٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٢١- تەبارەك: موستەشار، ٢٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٢- شەهاب ئەحمەد وایەرمەن: مەفرەزەی تایبەت، ٢٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٣-سەید عەدنان جەباری: موستەشار، ١٥٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٤- زاهیر ئاغای کۆیە: موستەشار، ٥٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٥- شێخ کەریم شێخ شەهاب: موستەشار، ١٠٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٦- عومەر حاجی ساڵح: مەفرەزی تایبەت، ١٠٨ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٧- حاجی رەفعەت مەحمود: موختاری گوندی ملەسوورە، ٢٣٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٨- مەحمود حەمەجا روغزایی: موختاری گوندی محاجی حەمەجان، ١٤٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٢٩- برایان/ نامیق عەبدولکەریمو عەبدوالرەحمان عەبدوالکەریم: موختار، ٣٨ کەسییان ئەنفالکردووە.
٣٠- ئەحمەد رۆستەم: موختار، ٢٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٣١- عەدنان دیسکۆ: مۆستەشار، ١٨٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٢- قاسم ئاغای کۆیە: موستەشار، ٥٣٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٣- تاریق کاکەیی: موستەشار، ١٦٠ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٤- شێخ بورهان: مودیرناحیەی زەڕایەن، ٨٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٥- شێخ مەحمود کارێزەیی: موستەشار، ٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٦- شێخ سوعاد تالەبانی: موستەشار، ١٨ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٧- مام یەحیا کۆیی: مۆستەشار، ٤٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٨- بروهان شوانی: موستەشار، ٢٠١ کەسی ئەنفالکردووە.
٣٩- شێخ رووناك: موستەشار، ٣٦٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٠- شێخ سەلاح نەقشبەندی: موستەشار، ٩٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٤١- ئەرشەد زێباری: موستەشار، ١٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٢- سەعید غیدان (حەمە سەعید): موستەشار، ٣٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٣- مەجید غێدان: جێگری موستەشار، ٦٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٤- ئەحمەد بیجۆ: مەفرەزەی تایبەتی، ١٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٥- شەمال رەفعەت کلی: ئامر سریە، ٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٦- حەمە کەریم حەمە فەرەج: موختاری تەلان، ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٧- حەمە ئەمین حەمە شاسوار: موختاری کانی میل، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٨- عەلی حوسێن: قائیمقامی چەمچەماڵ، ٢٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٤٩- مەجید سلێمان وەزە: موستەشار، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٠- مستەفا سلێمان وەزە: ئامر سریە، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٥١- عومەر حاجی/ بادینان: موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٢- عومەر حەمە عەلی چەرمەگا: موستەشار، ٢٠ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٣- عاسی حەمەد بزە: ئیستخبارات، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٤- بەکر عەلی حاجی مشیر: مەفرەزەی تایبەتی، ١٨ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٥- جەبارە درێژ: مەفرەزەی تایبەتی، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٦- محەمەد قادر ئاغای سورچی: موستەشار، ٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٧- سابیر سورچی: موستەشار، ٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٨- مامەند قەشقەیی: موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٥٩- عەزیز حەسەن فەتاح: مەفرەزەی تایبەتی، ٧٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٠- عەلی سەلما جوارتایی مەفرەزەی تایبەتی ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٦١- حاجی عەلی نەبیاوە مەفرەزەی تایبەتی٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٢- عەقید حەمود عوسمان: موستەشار، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٣- کەمال حەیدەر: موستەشار، ٤٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٤- تاریق عەزیز رەزا ئاغا: مەفرەزەی تایبەتی، ٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٥- بەکر کەریم غەفور: موستەشار، ١١ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٦- عەلی لووت ماسی: موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٧- حەمەی حاجی حوسێن: مەفرەزەی تایبەتی، ٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٨- قادر شەفیق: موستەشار، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٦٩- ئەنوەر حەسۆ: مەفرەزەی تایبەتی ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٠- سەید قودرەت: جاش، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٧١- سەید مەجنون: موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٢- شێرزاد عەلی بەلەکە: موستەشار، ٣١ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٣- محەمەد عیسا جاف: موستەشار، ٤٩ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٤- جەمال حوسێن دووزی: مەفرەزەی تایبەتی، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٥- هادی شاوەیس: ج/ موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٦- شەریف حەمە شەریف: موستەشار، ١٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٧- مەلا حەسەن روغزایی: ئیستخبارات، ١٢٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٨- کامل شێخ هادی: مەفرەزەی تایبەتی، ٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٧٩- مولازم کەریم: ١٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٠- فوئاد کەریم بایز هەمەوەندی: موستەشار، ١ کەسی ئەنفالکردووە.
٨١- حەسیب محەمەد ئنجە جەباری: موستەشار، ٥ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٢- محەمەد کاوانی: مەفرەزەی تایبەتی، ١٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٣- جیهاد مووسا قەرەهەنجیری: مەفرەزەی تایبەتی، ٧٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٤- حەمە بوخچی: موستەشار، ١٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٥- ئیبراهیم بالو ئاغا: موستەشار، ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٦- عومەر سۆفی: مەفرەزەی تایبەتی، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٧- ئەحمەد جەبار جەباری: موستەشار، ١٠ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٨- شێخ جەلال سالەیی: موستەشار، ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٨٩- خەیروڵڵا دووزی: ئیستخبارات، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٠- جەمال فەقێ حوسێن: مەفرەزەی تایبەتی، ٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٩١- شێخ ئەحمەد بەرزنجی: موستەشار، ٤ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٢- کامەران ئەحمەد جەمال: مەفرەزەی تایبەتی، ٣ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٣- عومەر حوسێن: مەفرەزەی تایبەتی، ٦ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٤- محێدین حەمەکەریم: موستەشار، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٥- قالەی عەزە نالبەند: ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٦- سەلاح شینە: مەفرەزەی تایبەتی، ١٠ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٧- میرزا حەسەن: موستەشار، ٧ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٨- محەمەد حوسێن نوری: مەفرەزەی تایبەتی، ٢ کەسی ئەنفالکردووە.
٩٩- هۆمەر ئاغا: موستەشار، ١٢ کەسی ئەنفالکردووە.
١٠٠- حوسێن حەمەسوور ئاغا: موستەشار، ٥ کەسی ئەنفالکردووە.
١٠١- مەلا عوزێر: موستەشار، ١٥ کەسی ئەنفالکردووە.